

## ئەنفلۆنزای هاتوچۆ

**مەریوان دەینوسێت**

گۆشەیەکە مەریوان دەینوسێت ئەو ئەنفلۆنزایەی ئێمە مەبەستمانە، ئەو نەخۆشیە کوشندەیە نیە، کە لەم ساڵانەی دواییدا نیشانەکانی دەرکەوتن و لەکوردستان چەند کەسێك و لە جیهاندا دەیان کەسی کردە قوربانی و وەکو تارماییەك، ترسی مەرگی لە ناخماندا چاندو ماوەی دوو ساڵە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی و ناوخۆیی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەڵکو ئەوەی مەبەستمانە ئەو هەموو ڕووداوە ناخۆشانەی هاتوچۆن، کە ڕۆژانە بە چاوی خۆمان و لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەیانبینین، کە قوربانی گیانی زۆریان لێ دەکەوێتەوە، بە جۆرێك کە زیانەکانیان هیچ لە ئەنفلۆنزای باڵندە کەمتر نیە، مەگەر چەند جیاوازیەك وەك ئەوەی ئەنفلۆنزای باڵندە سەرچاوەکەی ڤایرۆسێکە، بەهۆی باڵندەوە دەگوازرێتەوە، بەڵام ئەنفلۆنزای هاتوچۆ بەهۆی ڤایرۆسی کەمتەرخەمیەوەو شۆفێری کەمتەرخەم هۆکاری بڵاو بوونەوەیەتی.. ئەنفلۆنزای بلندە سەرەرای نەدۆزینەوەی (ئەنتی- ڤایرۆس) بۆی، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر باش کۆنترۆڵ کراوە، هەرچی ئەنفلۆنزای هاتوچۆیە، سەرەرای ناسینی چارەسەرەکەی، وەك پێویست کار لەسەر کۆنترۆلکردنی نەکراوە.

ئەوەی جێگای قسە لەسەر کردنە پەرچەکرداری حکومەتە بەرامبەر ئەنفلۆنزای هاتوچۆ، لەچاو ئەنفلۆنزای باڵندە، کە بۆ ئەمەی دووەمیان پەرچەکردارو وەڵام دانەوەی لە کات و ئاستی پێویستدا بوو، بۆیە قوربانیەکانی لە چەند حاڵەتێك تێنەپەڕی، کەچی بۆ ئەم جۆرە ئەنفلۆنزایە، سەرەرای توانا بۆ کۆنترۆلکردنی، سەرەرای زۆری قوربانی و دووبارەبوونەوەی حاڵەتەکە، ڕۆژانە بە بەردەوامی، بەڵام حکومەت وەکو ئەوەی پێویستە گرنگی زۆری پێنەداوە، ئێستاش ڕێگاوبانەکان هی سەردەمی کۆن و کاتێك دروستکراون لەماوەی شەوو ڕۆژێکدا (١٠) ئۆتۆمبیلیان پیدا تێنەپەریوە، بەڵام ئێستاو لە یەك کاتژمێردا نزیکەی (١٠٠) ئۆتۆمبیلیان پیدا تێدەپەڕێ، کە سەرجەمیان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەو فراوانکردن هەیە، ئەگەرنا قوربانی لەوە زیاتر دەبێت و دوور نیە ڕۆژێك ئێمەش یەکێك بین لەو قوربانیانە.

جگە لە شەقامەکان هۆکارێکی تری ڕووداو یان ئەنفلۆنزای هاتوچۆ، شۆفێران خۆیانن، کە حەقە بیر بکەنەوە، ئەوهەموو قوربانی و نەهامەتیەی لەسەر شەقامەکان دەیبینن، هۆکارەکەی چیە؟ ئایا ئەگەر پابەند بن بە یاساو ڕێنماییەکانەوە، ئەگەر ڕێنوێنیەکانی پۆلیسی هاتوچۆ لەبەر چاو بگرن، سەرەرای شەق و شڕی ڕێگاو بانەکان، تۆ بڵێی ئەم ئەنفلۆنزایەش کۆنترۆڵ، یان کەم نەکرێتەوە؟

ستیان و بۆن و میکیاج و جل و بەرگی کچان لە بەسەرکردنەوەیەکی لێدواندا

# دوکاندارێك: هێندێك تاقم ستیا نمان لە دەرەوە هەڵدەواسی، ئەوەندەیان تەعلیق لێداین، هەڵمانگرتنەوە

**ئا: مەڵبەند غازی**

(زانا)ی کەمالیات کە لە دوکانەکەیدا کەمتر جل و بەرگی ژنانەی هەبوو، بەڵکو مکیاج و بۆن و کەلوپەلی تری ژنانەی دەفرۆشت، سەبارەت بە چەند پرسیارێکی لێدوان وتی: کڕیارەکانمان زۆرتر کچانن و ئەوان خوازیاری ئەو (بۆن)انەن کە زۆر بڵاو دەبنەوەو سەرنجی کەسی بەرامبەر ڕادەکێشێن، سەبارەت بە جۆرەکانی ستیانیش وتی: جۆرەها ڕەنگمان هەیە، بەڵام فرۆشتنیان پەیوەندی بە حەزی کەسەکانەوە هەیە، لای ئێمەش زۆرتر ستیانی سوورو ڕەش سەرف دەبن و ڕەواجیان لەسەرە، لە نێوان مکیاج و جل و بەرگیشدا، مکیاج زیاتر دەفرۆشێت و کچان زۆرتر ئارەزووی میکیاج دەکەن، بەتایبەت ئەو جۆرانەی کە ڕەنگیان کاڵەو ڕەنگی دەموچاویان کاڵتر دەردەخات، وەك پەمەییەکی کاڵ، یان سپیەکی زۆر تۆخ نا، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لە دوکانەکەیدا گرانترین و هەرزانترین کەلوپەل کامانەن؟ وتی گرانترین شتمان کرێمەکانن، کە نرخیان لە پێنج هەزار بۆ حەوت هەزار دینار یان زیاترە، وەك کرێمەکانی دەموچاو، هەرزانەکانیش بریتین لە (بۆن)ەکان، چونکە ئێمە ئەو بۆنانە دێنین کە نرخیان هەرزان بێت و ڕەواجیان لەسەر بێت، لە کۆتاییدا سەبارەت بەو توانج و تەعلیقانەی کەلەسەر فرۆشتنی کەل و پەلی کچانە پێیان دەوترێت، ئاماژەی بەوەدا کە زۆر جار توانجیان لێداون و وتی: بۆ نمونە هێندێك تاقم ستیانمان لە دەرەوە هەڵدەواسی بە بوکەوە، ئەوەندەیان تەعلیق لێداین، هەڵمانگرتنەوە، بۆیە زۆربەی ئەو دوکانانەی کە ئەو کەلوپەلانە دەفرۆشن، توشی توانجی کوران دەبنەوە، چونکە شتەکانیان بەلاوە سەیرن.

پاشان (جەمال) خاوەن پۆشاکی بێرگن لە قەیسەری کوردۆ، پێی وابوو کە فرۆشتنی جل و بەرگەکانی ژنان بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە: هاوینان، شتی تەنك و ناسك، زۆرتر سەرف دەبێت و پاییزان و زستانیش دەگۆڕێن بۆ شتی ئەستور، واتە هەر وەرزەو شتی خۆی جیاوازە. ڕەنگەکانیش پەیوەندیان بە کاتەکانەوە هەیە، بۆنمونە: کە مەکتەب هەبێت، ڕەنگی سپی زۆرتر سەرف دەبێت، هەروەها وتی: لە بازارەکەی ئێمە گەنجەکان زیاتر سەردانمان دەکەن، بۆیە کڕیارەکانی ئێمە زۆرینە کچانن، ئەوانیش گەلێ جار خوازیاری ڕەنگی سوورن بۆ بۆدی سەرەوەو بۆ کابۆش ڕەنگی شین. نرخەکانیش مامناوەندن بە پێی جۆرەکان دەگۆڕێن، گرانترین شت لای ئێمە، جۆرە قاتێکە کە نرخی ١٢٠٠٠٠ دینارە، شتی تریشمان هەیە، بە ٤ هەزار دینار.

بەهرۆز ئەحمەد خدر لە قەیسەری کوردۆ لەسەر هەمان مەبەست وتی: لای ئێمە جل و بەرگی کچانە زۆرتر دەفرۆشرێت، ڕەنگەکانیش پەیوەندیان بە مۆدەوە هەیە، زۆر جار ڕەنگی زەرد، یان سەوز ئیتر مۆدەکان بە کات دەگۆڕێن، بۆ نمونە: لە ماوەی ڕابردوودا ڕەنگی زەرد ڕەغبەتی زۆرتر هەبوو، نرخەکانیشیان جۆراوجۆریان هەیە، لە ١٥٠٠٠٠ بۆ ١٠٠٠٠ دینار، بەپێی چاکی و مۆدی پۆشاکەکان، بەڵام لەکاتی بۆنەکان، زۆرتر دەفرۆشرێن.لە جۆرەکانی ستیانیش، ستیانی ئاسایی زیاتر دەفرۆشرێت، بەڵام بە شێوازێکی گشتی جلوبەرگ زیاتر ڕەواجی هەیە، وەك لە میکیاج. لە بواری کرینی میکیاجەوەش وتی: فرۆشتنی میکیاج دەگەرێتەوە بۆ خواستی کچان بە پێی ڕەنگیان، بەڵام لای ئێمە ڕەنگەکانی پشت چاو زۆر تر دەخوازرێن. گرانترین کەلوپەلی ئێمەش ئێستا کە مۆدی هەبێت، قاتەکانە کە نرخیان ١٥٠٠٠٠ دینارە و هەرزانترینیان مل پێچە کە بە هەشت هەزار دینارە پاشان (شیرکۆ عەلی) بۆ وەڵامی پرسیارەکان



هاورای هاورێکانی پێشتری بوو بۆیە ئەمیش لەو بارەیەوە پێی وابوو کە قات ڕەواجی زۆرتری هەیە و کچان زۆرتر داوای دەکەن، بە تایبەت قاتی (سێ چارەگی) ڕەنگی پەمەیی کاڵ. نرخەکانیشی گونجاوە سەبارەت بە بۆنیش تیرۆزی ئەسل زۆر دەفرۆشرێت بۆ ستیانیش ڕەنگی سوور و پەمەیی کاڵ دەفرۆشێت، بەڵام ئەمیش لە نێوان میکاج و جل و بەرگ رای وایوو کە جلو بەرگ زۆرتر دەفرۆشێت. بەڵام لەسەر فرۆشتنی میکیاجیش وتی: سوراو لە کەلوپەلەکانی تر زۆرتر دەکردرێت بۆ جلوبەرگەکانیش زۆرتر هی وڵاتانی (تورکی، سووری، چینی)ین، جۆرە تورکیەکەش ڕەواجی زیاتر هەیە، کە قاتە ئاساییەکانی لە نێوان ٤٠ بۆ ٤٥ هەزار دینارن.ئەمەو (محمد جاف) رای خۆی بەم شێوەیە بۆ لێدوان باس کرد، لەپۆشاکدا بابەتی تەنورە زۆرتر سەرف دەبێت، بەتایبەت ڕەنگەکانی قاوەیی و ڕەش. لە ڕووی چاکەت و قەمسەلەش ڕەنگی ڕەش زۆرتر دەفرۆشرێت. هەروەها وتی: لای ئێمە کچان وژنان کڕیاری سەرەکی دوکانەکەمانن بەڵام کچان زیاتر کەلوپەلەکان دەکرن بە تایبەت لە جۆرەکانی (تورکی و چینی و سوری) بەڵام ئەمیش وەك هاورێکەی پێشتری وتی:کەلوپەلە تورکیەکان زۆر تر سەرف دەبێت. قاتێکی تورکی کە بریتی بێت لە تەنورەو چاکەتێکی ئاسایی نرخی بە ٤٠ هەزار دینارە. لە بۆنیش جۆرەکانی (مازەلینە و مارکۆز و کاسرین) ژنان زیاتر دەیکرن. بۆ پیاوانیش (تیرۆز و ئەلماشۆ) سەرف دەبن بۆ ستیانیش قیاسی ناوەند زیاتر داخوازی لەسەرە. هەروەها وتی: لای ئێمەش پۆشاك زۆرتر دەفرۆشرێت لە میاکجیش جۆری زۆرری هەیە بەڵام زیاتر شتەکانی ئێمە بۆ بوکەکانە، ئیتر ئەوانیش هەموو جۆرێکیان دەوێت هەر لە موجەفە و شامپۆو موعتەر و میکیاج و مەسکارە. هەر لە کۆتایشدا (موتەلب حسن ) ووتی: لای ئێمە زیاتر بودی و تەنورەی ڕەش و قاوەیی سەرف دەبێت دوای ئەوانیش بێجی. پێشی وابوو کەلوپەلەکانی ئێرە نرخیان گرانەولە شارەکانی تر هەرزانترە، سەبارەت رە نرخی گرانترین کەلوپەلی دوکانەکەشی وتی: قاتی کچان تا سەد هەزار دینار نرخی هەیە، بۆدی هەرزانیش بە ٧ هەزارە سەبارەت بە کڕیارەکانیشی کچان زۆرتر دێنە لامان .

# دیاردەی توا نجگرتن حەزە یان خوە یان نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتیە



**ئا: شالاو چۆمانی**

دیاردەی توانج گرتن لە ژنان وکچان لەناو کۆمەڵگەی کوردی، تازە نیەو هەر نوەیەك لە ناوەکانی ئەم کۆمەڵگایە بەشێك لە یادەوەری وچیرۆکی توانج گرتنی پیاوان وکورانی لایە بەرامبەر ژنان وکچان.. نەوەی ئێستاش لەناو بازاروشوێنە گشتی وبۆنەکاندا بەدەر نیە لەم دیاردەیە.. لێدوان لەم بارەیەوە ڕاوسەرنجی هەندێ گەنج وکەسی وەرگرتووە کە بەم شێوەیەی خوارەوە گوزارشتیان لەبۆچونەکانیان کرد دەربارەی ئەم دیاردەیە:

سەرکار ئەحمەد ، گەنجێکی تەمەن ٢٣ساڵ ، ئەم دیاردەیەی بۆ ئەوە گێرایەوە کە بەهۆی تێکەڵ نەبونی کچ وکور لەگەڵ یەکتری، وا دەکات هەر کە یەکتر بینینێك دروست بوو هەردوو لایان یەکسەر قسەیەك یان هەڵوەستەیەك یان سەرسام بوونێك دروست ببێت وبەتوانج گوزارشتی لێ بکرێت. بەڵام ئەوەی نیگەرانیە ئەم جۆرە گوزارشت کردنە بە شێوەیەکی ناتەندروستەو دەبێتە هۆی شعورشکاندنی ڕەگەزی بەرامبەر.. وە لەڕوی کەسایەتیشەوە ئاسەواری خراپ جێدەهێلێ. لەیلا موراد خوێندکاری زانکۆ ، دیاردەی توانج گرتنی زۆر بەخراپ وەسف کردو خۆشی وەکو قوربانیەك لەم بارەیەوە وەسف کرد. گوتی: یەکێك لەو ترسانەی من هەمە لەبازار مەسەلەی توانج گرتنی پیاوان وکورانە، بۆیە کە دەچمە بازار توشی دڵەراوکێ دەبم. وە هەندێ جار بەجۆرێك توانجیان لێ داوم کە دەوروبەرەکەم هەستیان کردووە. حەکیم خدر دوکانداری کەمالیاتە لەم بارەیەوە گوتی : زۆرجار لەبەردەم دوکانەکەی مندا کور یان پیاو هەبووە کە توانجی لە ژنان گرتووە، هەندێجار دەنگم داون کە لەبەردەم دوکانەکەی مندا نەوەستن. زۆریشم پێ ناخۆشەو هیوادارم کە ئەم دیاردەیە لەناو کۆمەڵگای ئێمەدا نەمێنێت وژنان بەئازادی وبەدڵێکی خۆشەوە بێنە بازار. وشیار حاجی، دەرچووی زانکۆ: ئەم دیاردەیە نیشانەی ئەوەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە ئێمە گەلێکی دواکەوتوین، مانای ئەوەیە لەبنەماکانی ئازادی ومافی مرۆڤ تێ نەگەیشتوین، هەر کۆمەڵگایەکیش دیاردەی توانج گرتنی تێدا بێت ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لەڕووی شارستانیەوە کرچ وکاڵەو ناکرێت لەبەرامبەری بێ دەنگ بین، وشیار حاجی گوتیشی: کە لەناو کۆمەڵگا پێشکەوتوەکانیش ئەم دیاردەیە هەیە بەڵام بەو فۆرمە دواکەوتوو خراپە نیە کە کار بکاتە سەر کەسایەتی وپێگەی کۆمەڵایەتی تاك. بۆیە پێویستە هەمومان کۆمەڵگا هۆشیار بکەینەوەو باری شارستانی بەرەو بەرزی بکەینەوە وئیتر ڕێز لەیەکتر بگرین. فاتیمە ژنێکی ماڵەوەیە: گوتی: من زۆرجار لەناو بازار توانجم لێدراوە، هەندێ جار بەجنێو وەڵامم داونەتەوە ، هەندێ جاریش بێ دەنگ بوومەو حەزم نەکردووە دەوروبەریش هەستی پێ بکەن. مەریوان خالید خدر خوێندکاری ئامادەیی لەم بارەیەوە گوتی: هاورێیەکم هەبوو لەناو بازار زۆر توانجی لەژنان دەگرت، هەر کاتێك پێم دەگوت بۆچی واز ناهێنیت و عەیبە، دەیگوت خووم پێوە گرتووە، ئەمەش وایکرد ڕۆژێك لەناو بازار ژنێك زۆر جنێوی پێداو منیش بەهۆیەوە حەیام چوو. هەرچەندە تاوەکو ئێستا ئەم دیاردەیە هەر ماوە، بەڵام کاروان پێی وابوو بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو خەڵك هۆشیارترەو خەریکە نامێنێت وکەمترەو گەشبینم بەوەی ڕۆژێك ڕێز بۆیەکتری بگێرینەوە و دەست نەخەینە ناو ئازادیەکانی یەکتر لەناو ژیانی ڕۆژانەماندا. ڕێناس شارەزا لە بواری دەرونزانی ئەو دیاردەیەی بۆ گرفتێکی دەروونی گێرایەوە کە پێی وابوو ڕەنگدەرەوەی ئەو چەپاندنانەیە کەلە کۆمەڵگادا هەیە بەرامبەر بە تاکەکانی، بەتایبەتیش کاتێك هەردوو ڕەگەز نامۆن بەیەکتر و کەسی توانجەریش بە جۆرێك لە جۆرەکان دەیەوێت گوزارشت لەو چەپاندنەی بکات هەر وەك چۆن فرۆید باس لە زەلەی زمان دەکات بە هەمان شێوەش ئەو دیاردەیە نیشانەی گرفتێکی کۆمەڵایەتیە.